


ئازاد عەبدولڕەحمان ناوبژیوانی نێودەوڵەتی یاریی تۆپی باسکە

# تەنیا ئاواتم ئەوەیە جارێک بە ناوی دەوڵەتی کوردییەوە بەشداری پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بکەم

**ئازاد عەبدولڕەحمان لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٤ی شاری سلێمانییە و مامۆستای پەیمانگای وەرزشییە لە قەزای شەقڵاوە و یەکێك لە ناوبژیوانە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراقە و لە تەمەنی ١٧ساڵیدا کاری ناوبژیوانی کردووە و تا ئێستا چەندین یاریی بەهێز و زەحمەتی نێودەوڵەتی بەڕێوەبردووە، لە پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەبییش بە باشترین ناوبژیوانی خولەکە دیاری کراوە. چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**



*** بۆچی کاری ناوبژیوانیت هەڵبژارد؟**

-هەر لە منداڵییەوە حەزم بە کاری زەحمەت بووە، پاشان ناوبژیوانی باسکە زۆر قورس و گرانە، نەبوونی ناوبژیوانی باسکە لە کوردستان زۆر هانی دام خولیای ئەم ناوبژیوانییە بم.

*** بە گشتی ئاستی ناوبژیوانانی کوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئاستی ناوبژیوانانی کوردستان بەهۆی بوونی زۆری خولەکانی باسکە بۆ یانەکان ئاستی زۆر بەرزی هەبووە، بەڵام بەداخەوە ماوەی دوو ساڵە وەستاوە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ناوبژیوانان هەبووە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کە بۆ ماوەیەکی زۆرە هیچ خولێك بەڕێوەنەچووە، ئایا کاریگەریی نابێت لەسەر ئاستتان؟**

-ئێمە لە کوردستان زەرەرمەندی ئەم بارودۆخەین، ناوبژیوانی باسکە بەردەوام دەبێت ناوبژیوانی بکات، چونکە بەردەوام گۆڕانکاری بەسەر یاساکانی دێت، ئەمەش ناوبژیوانان زۆر دوادەخات، بەڵام لەبەر ئەوەی من بەشداریی خولی عێراق دەکەم کەمتر کاریگەری هەبووە لەسەرم.

*** ئێوە لە دوو خول بەشدارن وەکو ناوبژیوان، کوردستان و عێراق کامەیان بەهێزترە؟**

-بێگومان خولی عێراق ئاستی بەرزترە، هۆکارەکەی یاریزانی پیشگەری باشی تێدایە و پاشان یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراقیش بەشداری دەبن.

*** بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی ناوبژیوانان دەبێت چی بکرێت؟**

-بوونی ئاستی بەرز و کێبڕکێ لە خولی کوردستان، کردنەوەی خولی تایبەت بۆ ناوبژیوان و پشتیوانکردنی باشتر و زیاتر و هەڵسەنگاندنیان لەلایەن کەسانی پسپۆڕ، ئەوە هەمووی دەبێتە هۆکار بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی ناوبژیوانان.

***گرفتی ناوبژیوانانی کوردستان لە چیدا دەبینی؟**

-هیچ پشتیوانییەك ناکرێن، داوای مافی خۆمان دەکەین کەس گوێمان لێ ناگرێت، میدیاکان هیچ ڕۆڵی گەورەیی ناوبژیوانان ناخەنەڕوو کە چەند ئەرکێکی گەورەمان لەسەرە، پاشان کۆتایی هەر خولێك هەموو لایەك ڕێزی لێ دەگیرێت، تەنیا ناوبژیوان نەبێت، نموونە من ڕۆژانە مەشق و ڕاهێنان دەکەم، پێویستم بەخۆ ئامادەکردن هەیە لە هەموو لایەکەوە، وەك جل و بەرگ و پێداویستی ناوبژیوانی، بەڵام کەس نییە بۆمان ئامادە بکات، ئەمانە هەمووی پارەی دەوێت، لەم بارودۆخەش لەبەر ئەوەی بژێوی ژیان گران بووە، ناتوانی خۆت وەکو پێویست ئامادەبکەیت، ئەمانەش هەمووی گرفتە بۆ ناوبژیوانان.

*** کێ بەرپرسە لەم دۆخەی ئێستای وەرزش کە پاڵەوانێتییەکان بە کەمی بەڕێوە دەچن؟**

-من تێناگەم لەم بابەتە، بۆ هەندێك خول بەردەوامە و پارە هەیە بۆ هەندێکی تریش نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستخۆشی لەوان دەکەم کە زیرەکانە بە هەرشێوەیەك بێت خولەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن، بەڵام ئەوەی چەند ساڵ درووست کرا ئەم دوو ساڵە ڕووخێنرا.

*** خۆشترین و ناخۆشترین یادەوەریی وەرزیشت ؟**

-خۆشترین یادەوەریم ئەو ڕۆژانە بوو کە لەگەڵ کۆمەڵێك ناوبژیوان لە وڵاتی لوبنان بووین بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەردوو برای خۆشەویستم شرشڤان و سەمیر، ناخۆشترینیش ئەو کاتەی لە قەتەر گەڕامەوە بۆ ناوبژیوانی پاڵەوانەکانی ئاسیا چووم وەکو ناوبژیوانێکی باش دەرکەوتم، بەڵام بەداخەوە تووشی پێکان هاتم لە چۆکم دوو پاڵەوانێتیم لە ئاسیاوە لەدەست چوو کە نەمتوانی بەشداری بکەم.

*** کاتێك لە پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەب بە باشترین ناوبژیوان دەستنیشان کرایت، چ هەستێکت بۆ دروست بوو؟**

-خوای گەورە لە پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەب لە قاهیرە سەرکەوتووی کردم، هەر لە یەکەم یاریی خولەکە تا کۆتایی بوومە جێگای ڕێزی هەمووان، زۆرترین یاریم بەڕێوە برد، بەتایبەتی یارییەکانی چوار گۆشەی زێڕین لە نێوان جەزائیر و لوبنان، کاتی دەستنیشان کرام بۆ یاریی کۆتایی، توانیم بە سەرکەوتوویی یارییەکە بەڕێوەببەم، ئەوەشم بە دەستکەوتێکی گەورە زانی بۆ ئاستی وەرزشی کوردستان.

*** بە چ ناوبژیوانێکی جیهانی سەرسامیت؟**


-بە ناوبژیوانانی وڵاتی ئیسپانیا سەرسامم زۆر.

*** خەونی وەرزشیت لە ژیاندا چییە؟**

- تەنیا ئەواتم ئەوەیە جارێك بەشداری پاڵەوانێتییەکی وڵاتان بکەم بە ناوی دەوڵەتی کوردییەوە، وەکو ناوبژیوانێکی کوردستان.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی وەرزشکارانی هەرێمی کوردستان بەبێ جیاوازی، بەهیوای ئەوەم ئاوڕێکی جددی لە ناوبژیوانان بدرێتەوە، بەرپرسانیش لێمان بپرسنەوە، جار جار هەر بە قسەش بێت خۆشە، سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەم کە ڕێزیان لێنام.



# ئەلێکس سانچێز باشترین یاریزانی ساڵە لە خولی ئینگلتەرا

یەکێتی هاندەرانی خولی ئینگلیزی ئەستێرەی چیلی یانەی ئەرسناڵ ئەلێکس سانچیزی بە یاریزانی ساڵ دەستنیشانکرد،دوای ئەوەی ناوبراو لەگەڵ تۆپچیەکانی لەندەن تا ئێستا ئاستێکی بەرز و نموونەیی پێشکەش کردووەو ٢٠ گۆڵی لەخولی پریمەرلیگ تۆمار کردووە. هەروەها سانچێز رۆڵی سەرەکی بینی لە یاری کۆتایی وەرزی رابردووی جامی ئینگلتەرا دوای ئەوەی بە ئەنجامی چوار گۆڵ لە ئەستۆن ڤیلای بردەوە . جێی ئاماژەیە ئەو یاریزانە چیلییە توانی لە خولی پریمەرلیگ بەسەر چەند یاریزانێك سەرکەوێت لەوانە هێرشبەری لیستەر ستی جیمی فاردی و سێرجیۆ ئەگیۆرۆی مان ستی و هاری کینی هێرشبەری یانەی تۆتنهام کە لە هەمان لیستی بەربژێرەکان بوون. لای خۆیەوە راهێنەری ئارسناڵ ئەرسین فینگەر خۆشحاڵی خۆی بەو دەستکەوتەی سانچیز نیشاندا و رایگەیاند ئەو زۆری پێشکەش بە یانەی ئەرسناڵ کردووە لەوەتەی هاتۆتە ریزی ئەو یانەیە. فینگەر وتیشی: جموجۆڵەکان و مکوربوونی توانا راستییەکانی ئەو یاریزانە دەردەخەن، ئەو دەستکەوتەش لەلایەن هاندەرانی ئینگلیزییەوە ستایش کراوە.

# فێرگسۆن ترس و دڵەڕاوکێی لە یۆرگن کلۆپ هەیە




سێر ئەلێکس فێرگسۆنی راهێنەری پێشووی یانەی مانچستەر یونایتد دڵەڕاوکێی خۆی لە بەرامبەر یۆرگن کلۆپی راهێنەری نوێی یانەی لیڤەرپول نیشاندا. ئەو راهێنەرەی کە زۆرترین دەستکەوتی لە خولی پریمەرلیگ بەدەست هێناوە، لە ئێستادا هەست بە دڵەڕاوکێی دەکات، چونکە تاکە کار کە جەماوەری یانەی مانچستەر یونایتد ئارەزووی ناکات، سەرکەوتنی یانەی لیڤەرپوولە بە سەر شەیتانە سوورەکان. هەروەها فێرگسۆن سەبارەت بەکلۆپ رایگەیاند: کەسایەتییەکی کاریگەری هەیە و هەمیشە دەم بەخەندەیە و لە یاری بەرامبەر بە نیوکاسڵ بە دوو گۆڵ شکستی خواردبوو، بە بزەوە بەرەو رووی مکلارین رۆیشت پیرۆزبایی لێکرد هەروەکو ئەو شێوازەی لە دۆرتمۆند پەیڕەوی دەکرد. فێرگسۆن نەیشاردەوە کە لەکاتی کارکردنی راهێنەران جیاوازییەکان دەردەکەوێت و لە یانەکەش رەنگدانەوەی دەبێت. سەبارەت بە جۆزی مۆرینهۆی راهێنەری چێڵسی سێر ئەلێکس فێرگسۆن وتی: مۆرینهۆ وەرزێکی ئەستەم بەڕێ دەکات، بەتایبەت لە ئێستادا کە لە کۆی ١٥ یاری ٨ یاری دۆڕاندووە. پێویستە بوترێت کلۆپ لە کاتی رابەرایەتیکردنی برۆسیا دۆرتمۆند دووجار نازناوی خولی پلە یەکی ئەڵمانیای بەدەست هێناوە، جارێکیش گەیشتە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و لە ئێستاشدا لە شوێنی بریندان رۆجیرز ئەرکی راهێنەرایەتی لیڤەرپولی لە ئەستۆ گرتووە.

# یانەکانی ریال مەدرید و بەرشلۆنە چاویان لەسەر پاستۆریە



یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی چاوی خستۆتە سەر یاریزانی نێو دەوڵەتی ئەرژەنتینی خافیر پاستۆری ئەندازیاری هێلی ناوەڕاستی یانەی پاریس سان جێرمان بۆ ئەوەی لە هاوینی داهاتوو گرێبەستی لەگەڵ ئەنجام بدەن. لە مبارەیەوە پێگەی دیڤنسیا سنترال نزیک لە یانەی شاهانە ئاماژەی بۆئەوەکردووە ئەو یاریزانە ئەرژەنتینیە بەدوای هۆکارێك دەگەڕێت بۆ ئەوەی لە هاوینی داهاتوو لەگەڵ بە کۆتاهاتنی ئەم وەرزە لە ریزی یانەی پاریس سان جێرمان دەربچێت. لە بەشێکی تری هەواڵەکەدا روونیکردۆتەوە لۆران بلانی راهێنەری یانەی پاریس سان جێرمان بۆ ژمارەیەك یاری کەم پشت بەم یاریزانە دەبەستێت، بۆیە ئەمە وایکردووە پاستۆری بیر لەجێهێشتنی یانەکە بکات.

لەلایەکی ترەوە رۆژنامەکانی هەواڵ لە ولاتی فەرەنسا دووپاتیان کردۆتەوە هەریەك لە یانەکانی ریال مەدرید و بەرشلۆنە چوونەتە نێو ململانێی بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی ئەو یاریزانە لەبەرامبەر پێدانی بڕی ٣٠ ملیۆن یۆرۆ، بەڵام تا ئێستا هیچ یەك لە یانەکانی بەرشلۆنە و ریال مەدرید بە شێوەیەکی فەرمی ئەم دەنگۆیەیان پشتڕاست نەکردۆتەوە.






# سلێمانی بەرنامەی باشتری دەبێت بۆ ئاینده

یانەی سلێمانی بەهۆی هاوکاری نەکردنی لەلایەن بەرپرسانەوە بڕیاری بەشداری نەکردنیان دا لە یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەمەش تیپەکە سزای یەکێتیی ناوەندی تۆپی پێی کوردستانی بەسەردا دەسەپێندرێت، یانەکەش دەڵێن پلانمان هەیە بۆ قۆناغی دوای ئەم بارودۆخەی بەسەرمان هاتووە. لە بارەی هۆکاری بەشداری نەکردنیان لە خولەکە بەهمەن غەریب بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هۆکاری بەشداری نەکردنمان لەم وەزرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەت پلانی نییە و نازانێت چۆن پارە بۆ وەرزش خەرج دەکات، ئێمەش پارەمان نەبووە بۆ ئەوەی بەشداربین لە خولەکە، چونکە پارەمان لە ژێرخانی وەرزشی سەرف کردووە، جگە لەوەش هیچ یانەیەك نییە لە سنووری شاری سلێمانی کە

## کچانی ئەفرۆدێت ئامادەکاری بۆ خولی عێـراق دەکەن

دوای ئەوەی کچانی ئەفرۆدێتی شاری سلێمانی توانییان بەبێ مووچە و گرێبەستەکانیان ببنە دووەمی خولی فوتساڵی کوردستان، لە ئێستاشدا تیپەکە بەردەوامە لە خۆ بەهێزکردن بۆ چوونە نێو کێبڕکێیەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی کە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیك یەکێتی تۆپی پێی عێراقی بڕیاری وادەی دەستپێکردنی بدات. عەباس فەرەج راهێنەری کچانی ئەفرۆدێت لە بارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:

«ئێمە دوای ئەوەی توانیمان پلەی دووەم بەدەستبهێنین لە خولی فوتسالی یانەکانی کوردستان، ئێستا خەریکی ئامادەکارییەکانمانین بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی عێراقی کە ئەمیش خولێکی بەهێزە و ئێمەش ئامانجی خۆمان هەیە لە خولەکە و دەمانەوێ لە رێگەی ئەو خولە قەرەبووی بەدەستهێنانی نازناو بکەینەوە. ئێمە وەکو دەستەی راهێنەران کۆمەڵێك کار و بەرنامەی خۆمان هەیە بۆ ئامادەکاری، بۆیە دەمانەوێ ئەم کارانەی خۆمان





هێندەی یانەی سلێمانی یاریگا و هۆڵی داخراوی هەبێت، بەڵام لە ئەمساڵدا هیچ کەسێك ئامادە نەبووە هاوکاریی یانەی سلێمانی بکات.» لە بارەی چارەسەرکردنی گرفتەکانیش بەهمەن گوتی: «دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی سلێمانی بەڵێنی داوە لە داهاتوودا بەهێزەوە دەربکەوێتەوە، بەتایبەتی کە پرۆژەی نیشتەجێبوونی یانەکە بەرەو تەواوبوون دەچێت، گرنگ ئەوەشە کە دوای کەوتن بە بەهێزییەوە سەربکەوینەوە، لە بارەی هاوکاری نەکردنی پاریزگاریش گوتی: «پارێزگار دەزانێ قەیرانەکە زۆر گەورەیە.»

بخەینە بەر دەستی کارگێڕانی یانەکەمان بۆ تاوتوێکردن، هەروەها هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی گرفتە داراییەکانمان چارەسەر بکەین. یاریزانانی ئێمە هەموویان ئاست بەرزن و پێشمەرگەئاسا سەرەڕای ئەوەی هیچ مووچە و گرێبەستێك نییە، دەیانەوێ لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی ئەم جامە بهێننەوە شاری سلێمانی کە ئێمە ماوەیەکە خەونی پێوە دەبینین.»



# دهۆک بۆ خولی کوردستان پشت بە یاریزانانی کورد دەبەستێ

دهۆکییەکان بۆ ئامادەکارییەکانی ئەم وەرزەش گرفتی داراییان هەبووە، بۆیە نەیانتوانیوە بۆ خولی کوردستان گرێبەست لەگەڵ هیچ یاریزانێکی دەرەوەی شارەکە مۆربکەن، بۆیە زیاتر پشتیان بە کوڕانی کوردی شارەکە بەستووە بۆ ئەوەی لە تواناکانی ئەوان سوود وەربگرن و شان بە شانی یانەکانی دیکە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی باش بکەن. لە بارەی نەهێنانی هیچ یاریزانێك بۆ خولی کوردستان محەمەد عەلی بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئەمساڵ جیاواز دەبین لەگەڵ ساڵانی پێشووتر و لەوانەیە نەتوانین کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە بکەین، چونکە گرفتی داراییمان هەیە، ئەوەش رێگە لەوە دەگرێت کە بتوانین گرێبەست لەگەڵ هیچ یاریزانێك مۆربکەین، ئامانجی ئێمە ئەم وەرزە تەنیا مانەوەیە لە خولی نایابی کوردستان، بۆ یاریکردنی یاریزانانیش پشتمان بە سەرجەم یاریزانانی کوردی شارەکەمان بەستووە و یاریزانێکی پیشەگەری مەغریبیمان هەبووە ئەویشمان بەڕێ کردووە، ئێستا جگە لە یاریزانانی پارێزگای دهۆك هیچ یاریزانێکی عەرەب و بیانیمان نییە و ئومێدی زۆرمان بەم یاریزانانە هەیە کە دەتوانن ئاستی یانەی وەرزشی دهۆك بەرەو ئاستێکی باشتر ببەن لە خولەکە، گرفتی داراییشمان تاکو ئێستا چارەسەر نەکراوە، ئەوەش کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ئاستی تیپەکەمان و یاریزانان دەبێت.

